Women,s Freedom Organization of Kurdistan - NINA | ڕێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان –نینا

چەند کۆبوونەوەیەک بۆ پێکهێنانی
کۆمیتەی هاوبەش لە نێوان ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان







ڕۆژی سێ شەممە 30 ژوئەنی 2009 شاندێکی هاوبەشی ڕێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان –نینا و یەکێتی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان، بە مەبەستی گەشە سەندن و برەودان بە پێوەندیی نێوان سەرجەم یەکێتی و ئۆرگان و ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێکهێنانی فیدراسیۆنێکی هاوبەشی ژنان؛ سەردانی ژنانی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، ژنانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و ژنانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمنیستی ئێران)یان کرد.

لەم دیدارانەدا باس لە پێشهاتە سیاسییەکان و هەنگاو نان بەرەو ئاراستەیەکی نوێ و سەردەمیانە و پتەوکردنی پێوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی باشووری کوردستان کرا.

لە بەشێکی دیکە لە قسە و باسەکاندا، باس لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژ بە کوودەتاچییەکان و ڕۆڵی ژنان لە خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکاندا کرا.

هەروەها هەموو لایەک لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە بەم زوانە کۆنگرەیەک بە مەبەستی دامەزرانی فیدراسیۆن یا کۆمیتەیەکی هاوبەشی ژنان ڕێکبخرێ.

شایانی باسە کە لەم دیدارانەدا خاتوو سەحەر ڕۆژبەیانی ئەندامی ڕێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکەمانی دەکرد.

ڕێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان–نینا
02-07-2009

ninaazadiazadi@yahoo.com
ninaazadi.jinan1@gmail.com